www.kurdistannet.org
27-6-2006 19:16  بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با پێتان بکەن حزبی شیوعی حەقیانە ... ئەکسۆن محمد

Acson_r@yahoo. com

ماوەیەکە و کۆلکە نوسەرەکان کەوتونەتە بە ناو نوسینیان لەسەر حزبی شیوعی و هەرچی بێت بە دەمیاندا دەیڵێن و شەرم لە وشە و رستە ناراستەکانیان ناکەن و وەکو ئەو بەریزانە لە گوێی گادا خەوتون و ئاگایان لە راستیەکان نیە، بەلام ئەوەی گرنگە من پێتان دەڵێم دەست خۆش بۆ نوسینەکانتان لەبەر ئەوەی حزبی شیوعی ئەوە هەڵدەگرێت قسە و تەعلیقی لەسەر بدرێت بە چەپ و راستدا چونکە:-

1. حزبێک بووە لە سەرەتای دروست بونیەوە باسی مافی چارەی خۆنوسینی بۆ کورد کردووە و بە بروای تەواوەوە کاری بۆ کردووە، لە کاتێکدا بە ناو شۆرشگێری ئێستا هەیە کە لە نێو حزبی بەعسی فاشیدا دژی کورد بوو.
2. حزبی شیوعی بەردەوام بەرژەوەندیەبالاکانی گەلی کوردستانی بە سەر و بەرژەوەندی حزبی تەماشا کردووە.
3. بەشداری شۆرشەکانی گەلی کوردی کردووە و هاوکار و یارمەتی دەر بووە و هەرگیز پەنای بۆ دوژمن نەبردووە.
4. لە دوای راپەرین شۆفڵ و وایەری کارەبا و ئاسن و ئامیرەکانی گەلی ئاودیوی ئێران نەکرد.
5. بەشداری نەکرد لە شەری ناوخۆ و لاوانی کوردسنانی نەکردە قوربانی بۆ مانەوەیان لە کوردستان و نە ئافرەتیان رەشپۆش کرد و نە منالێیان بی باوک کرد.
6. (سوپای ئێران) پاوزداریان نەهێنایە کوردستان.
7. پێشی جندی بەعس نەکەوتن و ولاتیان نەفرۆشت.
8. دوو ئیدارەیان دروست نەکرد و لە هەر شاریکی حکومەتیان دانەمەزراند.
9. زانکۆیان نەکردە بارەگای حزبی و ناوەندی حزبی و حکومیان لەیەک جیاکردەوە.
10. باسی دیموکراسی ناکەن و زیندانیان هەبێت، نە ئاوی گەرم ئەدەن بە زیندانەکان و نە خەڵکیش بە 30 ساڵ زیندانی ئەدەن.
11. نە خانوەکانیان مەسبەح و ئاسکی تیایە و نە هێندەش گەورەیە پانتاییەکی فراوانی داگیر کردبێت.
12. دوو ئەرزە و سی ئەرزیان نەداوە بە ئەندامەکانیان.
13. پارەی میللەت ناخۆن و ساحێبی گومرگەکان نین.
14. پارە هەڵنارێژن بۆ هیچ کەسیک کە لەسەر کەسێک یان حزبێک بنوسی و بلێ، بە بی بنەما و هەرگیز ئەندامیش فێری ئەوە ناکەن سڵ لە راستی بکاتەوە.
15. بۆ چرکەیەکیش لەگەڵ گەندەڵی نەبوون.
16. بیرە نەوتەکانی شیواشۆکیان پر نەکردەوە و کارتی کارەبای دوکانیان نەبرد بۆ ئێران.
17. هەرگیز لەگەڵ ئەوە نین کەسێک بە تەزکییەی حزبی دابمەزری.
18. هانی شەری براکوژیان نەدا و پارەیان لەسەری وەرنەگرت.
19. کە هەڵەبجە کیمیای پێدا کرا نەچوون قاسەی بانکەکە بێنن.
20. بروایان بە بازاری بەرەلا نی یە.
21. لەگەڵ ئازادی بیر و رادان.
22. دروست کراو نین و بە پارە ئاراستە ناکرێن.
23. جاسوس نین بەسەر کەسەوە و کەسیش نادەن بە کوشت.
24. هەرەشە لە رۆژنامەنوسێک یان نوسەرێک ناکەن، کە سەردانی هەولیر و سلیمانی بکات و بێت و بروا.
25. سوتەمەنی بۆخۆیان نی یە و خەڵکیش شەو و رۆژ چاوەرێی چەند لیترێک بکات.
26. شوقە دروست ناکەن و بە هەزاران دۆلار بیفرۆشنەوە.
27. خاوەنی مارە برین نین و بروایان بە جیاوازی رەگەزی نی یە و تیزاب ناکەن بە قاچی ئافرەتاندا.

28. نە ئەوەندە لە خۆیان دەترسن ژمارەیەکی زۆر پاسەوان دوای خۆیان خەن و نە خوێن رێژن و دەستیان بە خوێنی کورد سور نی یە.
29. خاوەنی هەڵویستن و مۆقیفی خۆیان هەیە و رێیان نیشان نادریت.
30. خاوەنی بیر و بۆچون و فکرەی خۆیانن و هەڵگری بیری فەیلەسوفێکن کە بە کوێرای چاوی ئەوانەی بروایان بە جیاوازی نی یە لە سالی 2006 یش مارکس بۆوە یەکەمین و زیرەکترن فەیلەسوفی جیهان.

دیارە باش دەزانن کە زۆر ماوە بگوترێت بەڵام پێم وابی بەسە بۆ کردنەوەی مێشکی داخراویان و رۆشن کردنەوەی رێیان و بردنەوەی بۆ ئاغاکانیان.